# بەڕێز کاک مەریوانی وریا قانع، بەو پێشنیارەت، پارچەکانی تر بە مافەکانیان ناگەن!



## شەریف هەژاری

نوسەری دیاری کورد بەڕێز کاك (مەریوانی وریا قانع) بابەتێکی نوسیوە، بەناونیشانی: ( پێنج سەرنج لەسەر پەیوەندیی نێوان پارچەکانی کوردستان و خەباتی چەکداریی )، تێیدا کۆمەڵێك بۆچونی لۆژیکی و، دژ بەیەك و تەنانەت (ناواقیعی) و، هەڵەی لێکدانەوە و خوێندنەوەی مێژویی، خستۆتەڕو.

کاتێك دەڵێم: (کۆمەڵێك بۆچون)، چونکە بابەتەکەی چەندین ئایدیای نوسەری لەخۆگرتوە کە دەتوانرێ بەم شێوەیە پۆلێن بکرێ:

### 1- ئایدیا لۆژیکی:

کاك مەریوان لە سەرەتای بابەتەکەیدا کۆمەڵێك بۆچونی مەنتیقی خستۆتەڕو، کە زۆرینەی کورد پێی ئاشنایە، وەك ئەم پەرەگرافەی کە بەڕێزیان نوسیویەتی: هەر پارچەیەکی کوردستان پارتو ئۆرگانو کەسایەتی سیاسیی‌و رێکخراوو میدیای تایبەت بەخۆی هەیە کە سەرقاڵی کێشەکانی ئەو پارچەیەیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە مەرکەزییەدا کە تیایدا نیشتەجێیە. کوردی هەر پارچەیەکیش لەگەڵ تایپو مۆدێلێکی سیاسیی جیاوازدا دەرگیرە، فۆرمی چەوساندنەوەکانو

میکانیزمو ئامرازەکانیی لەهەر پارچەیەکدا هەڵگری تایبەتمەندێتی خۆیەتی، جگە لەوانەش مەسەلەی وەدەستهێنانی مافەکان لەهەر پارچەیەکدا لەقۆناغێکی تایبەتو جیاوازدایە.

### 2- ئایدیای دژبە یەك وتەنانەت (ناواقیعی):

بۆچونەکانی کاك مەریوان لە چەندان پەڕەگرافدا دژ بە یەکە و پارادۆکسی تێدایە، بەتایبەت لەم پەڕەگرافەی دا: ڕەنگە لەقۆناغێکدا خەباتی چەکداریی شەرعیەتی سیاسیی‌و ئەخلاقیی هەبووبێتو ئامرازێک بووبێت، گەر مەبەست لێی سەرکەوتنو بەلاداخستنی کێشەی کورد لە ڕووی سەربازییشەوە نەبووبێت، ئەوا بۆ دروستکردنو بەرجەستەکردنی خودی ئەم مەسەلەیە گرنگ بووبێت. لە دونیای ئەمڕۆدا سەرکەوتنی سەربازیی بەسەر دەوڵەتە مەرکەزییەکاندا لە مەحاڵ نزیکە، تا هەر ئەگەرێکی سەربازیی ڕاستەقینە.

ئایدیاکانی ئەم پەڕەگرافەی سەرەوەی بابەتەکەی کاك مەریوان (سەد لە سەد) دژ بە یەکە و پارادۆکسە. چونکە زۆرینەی بزوتنەوە چەکدارییە کوردییەکان لە ناو مێژوودا، خەباتی چەکدارییان لە پێناو ( سەرکەوتنی سەربازیی بەسەر دەوڵەتە مەرکەزییەکاندا ) نەگرتۆتەبەر، هەتا وەك ئەوەی کاك مەریوان نوسیویەتی: لە دونیای ئەمڕۆدا سەرکەوتنی سەربازیی بەسەر دەوڵەتە مەرکەزییەکاندا لە مەحاڵ نزیکە. بەڵکو چ لە ڕابردو و چ لە ئێستادا جولانەوە نەتەوەییە کوردییەکان خەباتی چەکداریان (وەك کارت و فشارێك) بۆ سەر دەوڵەتە ناوەندییەکان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی هێندە فشاربخەنە سەر دەوڵەتە داگیرکەرەکانیان تا داگیرکەر پێیان بڵێت: بۆ وا دەکەن!؟

واتە: مەبەست تێیدا ئەوەبوە کە فشار بخەنە سەر دەوڵەتە مەرکەزیەکان. چونکە هەم جولانەوە کوردیەکان بەباشی درکیان بەوەکردوە کە ناتوانن (پارچەکەی خۆیان) بە خەباتی چەکداری لە دەست سوپای جینۆسایدکاری دەوڵەتە داگیرکەرەکان ڕزگار بکەن و، هەم دەوڵەتە داگیرکەرەکان هیچ زەمینەیەکیان بۆ خەباتی (مەدەنی و سەرشەقامی) نەهێشتۆتەوە و، هەروەها نە پرۆسەکانی جینۆسایدکردن و قڕ کردنی نەتەوەی کوردیش (بە وەستاندنی

خەباتی چەکداری حیزبە کوردیەکان) لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە کۆتایی پێ هاتووە.

نمونە و سەلماندن:

چارەکە سەدەیەکە جوڵانەوەی چەکداری حیزبە کوردیەکانی خۆرهەلاتی کوردستان لە پێناو بەرژەوەندی حیزبەکانی باشوری کوردستان، وەستێنراوە و بونی نەماوە.

پرسیارە بنەڕەتیەکە ئەمەیە: ئایا دەوڵەتی ئێران پرۆسەی قڕکردنی گەللی کوردی لەو بەشەدا وەستاندوە!؟

ئەی ئایا تا چەند دەسەڵاتدارانی ڕژێمی ئێستای ئێران هێندە زەمینەیان ڕەخساندوە کە ئەم پێشنیارەی کە کاك مەریوان لە بابەتەکەیدا خستویەتیەڕو زەمینەی هاتنەدی لۆژیکی هەبێت!؟، هەروەك کاك مەریوان نوسیویەتی: ( کاتی ئەوە هاتووە کێشەی کورد لەهەر پارچەیەکدا بۆ ئاستی کێشەیەکی سیاسیی بەرزبکرێتەوەو بیر لەوەبکرێتەوە بەڕێگای سیاسیی‌و مەدەنیی چارەسەر بکرێت‌و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکان بکرێت ).

باشە کاك مەریوان، ئێستا بۆ کاتی هاتوە!؟ تەنها لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیا پێشکەوتووە!

ئێ خۆ ڕاستە تەکنەلۆجیا گەشەی کردوە، بەڵام هزری فاشیستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کورد تەنگەتیلەتر بووە. ئیدی بۆچی کاتی ئەوە هاتوە!؟

خۆ جوڵانەوەکانی کورد (بە تەنها) ناتوانن مەسەلەکە یەکلابکەنەوە، ئایا چارەکە سەدەیەك وەستاندنی خەباتی چەکداری خۆرهەڵاتی کوردستان چی فەراهەم کردا!؟

ئایا دەسەلاتدارانی ئێران زەمینەی سیاسیی و مەدەنیان ڕەخساند تا کورد لەو بەشەدا (بەتەواوی) واز لە خەباتی چەکداری بێنێت، یاخود ڕژێمی ئێران پرۆسەکانی: (بە فارس کردنی کرماشان و ئیلام و، بە تورككردنی ورمێ و، بە موعتادکردنی لاوانی کوردی خۆرهەلات لە تەواوی شارەکانیان دا و، بەردەوامیدان بە جینۆسایدی کلتوری نەتەوەیی هەروەك ڕێگرتن لە خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی و، لەسێدارەدان و کوشتوبڕ و گرتنی لاوانی کوردی ئەو بەشەی) مەگەر زیاتر نەکردووە!؟

ئایا هەر ئەم هەمو جۆری پیلانە سیاسییە فاشیستانەیە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە تا ئەندازەیەکی زۆر (بیریی نەتەوەیی کوردی) لە هزری تاکەکانی کوردا لاوازبێ و (ئیرادەی نەتەوەیی)یان بپوکێتەوە. مەگەر داگیرکەر (بەتەواوی) نەبۆتە کەڵەگای هەمەکارە!؟

خراپتر لەمانەش وەستاندنی چارەکە سەدەیەك (خەباتی چەکداری) لەو بەشەدا زەمینەیەکی نەهێناوەتەکایەوە کە (ڕێژەی جاش لەو بەشەدا زیاتر بێ و، جاشەکان سڵ لە هیچ جۆرە تاوانێك نەکەنەوە. چونکە دەستێکی –تۆڵەسێن- نیە بەسەریانەوە تا –بترسن- و سڵ لە تاوانەکانیان بکەنەوە. ئایا ڕژێمی ئێران لە ڕێی سیاسەتی بە شیعەکردنەوە تا ئەندازەیەکی زۆر نەیتوانیوە لوڕ و لەکە کوردەکان لە نەتەوەی کورد دابڕێ!؟).

کاتێك دەوڵەتێك (بۆ نمونە وەك دەسەڵاتی ئێستای ئێران!) بە پێی یاسا و بەندەکانی دەستوری وڵاتەکەی (هەمو مافێکی سیاسیی لە کورد و لە سونەکان، کە بەشێکی کوردانی خۆرهەلات سونەن، لێ بسەنێتەوە) و هەمو ڕێگایەکی خەباتی پەرلەمانی و سەرشەقامی بە بنبەست گەیاندبێ، ئاخۆ لە ئێستادا کامەیە زەمینەی ئەو خەباتە (سیاسیی و مەدەنیەی) کە کاك مەریوان باسی دەکات!؟

کاتێك: کاتی ئەوە دێت، کە بەرانبەرەکەت بچوکترین دەروازەی بۆ (ڕێگایەکی وا سیاسیی و مەدەنی) هێشتبێێتەوە!

لەکاتێکا دەسەلاتی ئێستای ئێران ئامادەیە لە دەرەوەی (سنورەکانی ئێران) بچوکترین ئێزگەی ڕادیۆی حیزبە کوردیەکان (بتەقێنێتەوە!)، ئیدی کاك مەریوان لە ئێستادا کامەیە ئەو زەمینەی (ڕێگا سیاسیی و مەدەنی)یە !؟

کاك مەریوان، ئێرە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بە دەقیق (ئێران و عێراق و وڵاتی شام)ە! ئێرە هۆڵەندا و ئیسپانیا و بەریتانیا نیە!! تەنانەت لێرە گەشەی تەکنەلۆجیاش بۆ ناهوشیاریش کاریگەری هەبووە!

کاتێك ڕژێمی ئێران هەمو هێڵەکانی ئینتەرنتێت و سەتەلایتی کۆنترۆڵ کردبێ و، ڕێگا نەدا (نیمچە ئازادانە!) کوردەکان پاڵێوراویان هەبێ بۆ هەڵبژاردن و، تەنها بەربژێر ئەوانەبن کە (سەدان خیانەتی نەتەوەی)یان ئەنجام دابێت، ئیدی باس کردن لە (خەباتی سیاسیی و مەدەنی) چ واتایەکی هەیە!؟

لە ئێران دا لەسەر (کلتوری نەتەوەیی کوردی و، نەبونی ئازادی جل پۆشین بۆ کوردان بەتایبەت و بۆ ژنان بەگشتیی و، نەبونی ئازادی ئاینی و مەزهەبی وەك: ڕێنەدان بە هەبونی مزگەوتی سونە لە تاران و، سمێڵ تاشینی کاکەییەکان و زۆر تاوانی دیکە) کە بە ئاشکرا دەسەڵات جێ بەجێی ئەکات، ئیدی کاك مەریوان ئەو زەمینەیە چۆن دێتە کایەوە و کەی لە ئارادایە!؟

ڕاستە لە سیاسەت دا نەفەس درێژی پێویستە. بەڵام ئایا مرۆڤ ئەتوانێ بەرانبەر تاوانەکانی (داعش و حەشدی شەعبی و پاسداران و سوپای ئەسەد) هەر نەفەس درێژ بێ و کاردانەوەی نەبێ، گەر تەنها نەفەس درێژ بێ جگە لە قڕکردن کامە داهاتوی ئەبێ!؟ ئایا نەفەس درێژی بەرانبەر (داعش و حەشدی شەعبی و پاسداران و سوپای ئەسەد) جگە لە خۆش خەیاڵیی و سانایی و یۆتۆپی لە ناسینی ئەم هێزانە، چی دیکەیە!؟

ئێمە هەمومان شاهیدحاڵی دۆخی خۆراوای کوردستان بوین. چەندان حیزبی مێژوویی هەبو. بەلام کاتێك خەباتی چەکداری بویە پێویستی، زۆرینەی حیزبەکان نەیانگرتەبەر و تەنها (پەیەدە) گرتیەبەر. دیمان پلانەکەی پەیەدە سەرکەوتو بوو. خۆ تۆ ناتوانێت (تاهەتایە) بەرانبەر ڕژێمی ئەسەد هەر بڵێی: تەکنەلۆجیا پێشکەوتوە و، ڕژێم چەکی قورسی هەیە و، پێویستە نەفەس درێژبین بۆ خەباتی سیاسیی و مەدەنی!؟

ئەوەبو هەرچەندە حیزبەکانی تری خۆراوای کوردستان نفوسی جەماوەری و مێژویشیان زۆر لە (پەیەدە) دێرینتر بو، بەلام کاتێك ناواقیعی ڕەفتاریان کرد، کڵاوی سەریان با بردی!

هەمان ڕێساش بۆ دۆخی ئێران ڕاستە. دەسەلاتی ئێران لە ئێستادا لە لایەن ئەمریکاوە دژایەتی ئەکرێ. ئەمریکا سی و هەشت ساڵە بە دەیان ملیۆن دۆلاری بۆ بە مەدەنی کردنی ڕژێمی ئێران

خستۆتەگەڕ کەچی شکستی هێناوە. ئەی ئایا کورد ئەتوانێ (مەدەنیەت) لە ناو ئەو سیستمەدا بێنێتەبون، لە کاتێکا تا ئێستا لەسەر سرودی ئەی ڕەقیب و وێنەی قاسملو لاوانی کورد لەسێدارە ئەدرێ، کە هەتا ئێستا ژنان ڕەجم ئەکرێن، کە هەتا ئێستا سمێڵی یارسانەکان بە زۆر ئەتاشن و زۆر نمونەی دیکە!

کەوابو، پێویستە زەمینەی تۆڵە و فشاری ناوخۆیی لەسەر زیادبکرێ! ڕاستە حیزبە کوردیە گرێدراو و شوێنکەوتەکانی دەسەڵاتی ئێران دەڵێن: خەباتی چەکداری باوی نەماوە، ئەمەش تەنها لە پێناو پارستنی دۆخی ناوخۆی ئێران و درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو دەسەڵاتە.

بەڵام ئەگەر حیزبە کوردیەکانی خۆرهەلات شوێنکەوتەی ئەم گوتارە بن، ئەوا بە دڵنیایەوە کڵاوی سەریان (با) دەیبات و، لە داهاتوش ئەسەلمێت ئەو حیزبانەیان گەشەیان بە خەباتی چەکداری نەداوەتە، کڵاوەکەیان با بردویەتی یاخود نا!؟

3- هەڵەی لێکدانەوە و خوێندنەوەی مێژویی ناو بابەتەکەی کاك مەریوان. شیاوی باسە هەم هەندێ لە هەڵسەنگاندنە خودیەکانی کاك مەریوان و، هەم هەندێ لە خویندنەوە مێژوویەکانی ناو ئەم بابەتەی کاك مەریوان هەڵەن. بۆ نمونە کاك مەریوان سەبارەت بە گرتنەبەری خەباتی چەداری نوسیویەتی: هیچ یەکێک لەو حوکمڕانانە سڵ لە بە "حەڵەب" کردنی هەمو شارەکانو بەپەناهەدەکردنی هەمو دانیشتوانەکەی، ناکاتەوە.

ئەم بۆچونەی کە کاك مەریوان لەگەڵ خەباتی چەکداری و ئاکامەکەیدا ئەی شوبهێنێت، بەتەواوی هەڵەیە، بۆچی!؟

چونکە تراژیدیای (حەلەب) بەریەکەوتنی ڕوس-ئێران-ئەسەد لەلایەك و سعودیە-تورکیا-بەرەی نوسرە لە لایەکی دیکە بوو. واتە (تراژیدیای حەلەب) بەرهەمی خەباتی چەکداری نەبو.

هەروەك چۆن تراژیدیای (هەڵەبجە)ش بەرهەمی خەباتی چەکداری نەبو، بەڵکو بەشێکی بەرچاوی هێزە کوردیەکانی باشور سوپای پاسدارانیی ئێرانیان هێنایە ناو شارەکە و،

بەریەکەوتنی (پاسدارانی ئێران و عەسکەری سەدام) ئاکامەکەی (تراژیدیای هەڵەبجە) بوو. واتە (تراژیدیای هەڵەبجە) بەرهەمی جەنگی بەرەیی چەندین ساڵەی عێراق و ئێران بوو!

دڵنیام کاك مەریوان مەبەستی نەبوە ! شێوازی خەباتی چەکدارێی کوردی کە خۆی لە (خەباتی پارتیزانی) دا دەبینێتەوە بخاتەڕو.

چونکە (خەباتی پارتیزانی) کوردی وەسیلەیەکی تاکتیکی خێرایە و (لێی بدە و ڕابکە)یە. ئەمەش گورزێکی خێرای ماوە کورتە و تەنها مەبەست تێیدا فشار دروستکردنە. چونکە هەمو دەلاقەیەکی دیکەیان لێ گیراوە.

هەروەها (خەباتی پارتیزانی) کە بە کردەوە (چالاکی پارتیزانی) ئەنجام دەدا، زۆرینەی جار لە دەرەوەی شارەکان چالاکی ئەنجام دەدا و، هەندێ جار بۆ هوشیارکردنەوی ڕێکخستەکان ئەکرێ مەفرەزەیەکیان بەنهێنی بچنە ناو شارەکانەوە. ئەگینا خەباتی چەکداری بەمانای (جەنگی بەرەیی) بەرفراوان نیە هەتا (تراژیدیای حەلەب)ی لێ بکەوێتەوە!

یەکێکی دیکە لە هەڵەکانی بابەتەکەی کاك مەریوان ئەوەیە: ئایدیاکانی خۆی بەسەر دۆخی جولانەوەی کورد لە (تورکیا و ئێران) بەگشتی خستۆتەڕو. لەکاتێکا دۆخی جولانەوەی (کوردی خۆرهەلات) و (کوردی باکور) زۆر جیاوازن لە یەکترەوە، کە بەتایبەت بۆ خۆرهەلات زۆر پێویستە بەتەواوەتی گەشە بە (خەباتی چەکداری) بدەنەوە، ئەگەر نا: کڵاوی سەریان با ئەی بات!

هەڵەی مێژووی بابەتەکەی کاك مەریوان چەندینن، تەنها بەم جۆرەیان کۆتای پێ دێنم: کاك مەریوان نوسیویەتی: ( ئەزمونی پەکەکەی لێدەرچێت کە لەقۆناغێکی دیاریکراودا باوەڕی بەپان کوردیزم هەبووەو کاری بۆ کردوە). واتە مەبەستی کاك مەریوان ئەوەیە: جگە لە ئەزمونی پەکەکە لە قۆناغێکدا کە دروشمیان (سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستان) بووە، ئەوا هیچ یەکێك لە جوڵانەوە و پارتەکانی کورد دروشمیان (سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستان) نەبووە!

ئەم خوێندنەوە مێژوویەی کاك مەریوان لە ڕووی مێژووییەوە بەتەواوی هەڵەیە!

**کەمێك لە نمونەکان:**

جولانەوەی (شێخ عوبەیدلای نەهری) بنەڕەترین جولانەوەی (یەکگرتوخواز و سەربەخۆخوازی کوردە) لە مێژووی کورد دا، کە هیوادارم کاك مەریوان بەڵگەکانی (جولانەوەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری) تەنها لە نوسراوی کوردناسە ئەوروپیەکان و بەڵگەنامە ئەوروپیەکان بخوێنێتەوە.

هەروەها کاك مەریوان ئەتوانێت جارێکی دیکە لە بەڵگەنامەکانی دادگاییکردنەکەی (قازی محەمەد) و لێدوانەکانی قازی محەمەد لە دادگا سەبارەت بە (مەلا مستەفا) بڕوانێت!

زیاتر لە مانەش هەم کاژێك و هەم پاسۆك، بڕوایان بە (سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان) هەبوە، کە کاك مەریوان ئەتوانێت بۆچونەکانیان لە تێزەکانی جەمال نەبەز دا بخوێنێتەوە. ئەکرێ کاك مەریوان پێشتر خوێندبنیەوە، کەوابو: یا بە مەبەست تەنها قۆناغێکی پەکەکەی نوسیوە، یاخود لە یادی چووە.

سەبارەت بە جولانەوەی (سەربەخۆ و یەکگرتوخوازەکانی عەرەب)یش ئەگەر لە ڕوی مێژوییەوە هەڵەی بابەتەکەی کاك مەریوان بخەمەڕو، ئەم بابەتەم زۆر دوورودرێژ دەبێت، بۆیە هیوادارم هەر هێندە بەس بێ و، بە ئاواتم کاك مەریوان بە نەفەسێکی مشتومڕی زانستیانە و لۆژیکیانە ئەم وەڵامەم وەرگرێ!

بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتا کلیک بکەرە سەر

www.wtarikurd.info